پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بەئەو شتەی بەزۆری دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت، فەرمووی: «تەقوای خوای گەورە و ڕەوشت جوانی

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بەئەو شتەی بەزۆری دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت، فەرمووی: «تەقوای خوای گەورە و ڕەوشت جوانی».، وپرسیاری لێکرا سەبارەت بەئەو شتەی بەزۆری دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ، فەرمووی: «دەم ودامێن
[حەسەن وسەحیح - باش وڕاست)] [(الترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆمانی ڕوونەدەکاتەوە کە لە گەورەترین هۆکارەکانی چوونە بەهەشت، دوو شتن: تەقوای خوای گەورە وڕەوشت جوانی. تەقوای خوای گەورە: ئەوەیە لەنێوان خۆت وسزای خوای گەورە بەربەستێک دابنێیت، وئەمیش بەئەنجامدانی فەرمانپێکراوەکان ودوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکان دەبێت. وڕەوشت جوانی: بریتیەلە ڕووخۆشی وچاکەکاری وئازار نەدان. ولە گەورەترین هۆکارەکانی چوونە دۆزەخ، دوو شتن: زمان ودامێن. لە تاوانەکانی زمان: درۆکردن وغەیبەت وبوهتان کردن وهتد. ولە تاوانەکانی دامێن: زینا ونێربازی وهتد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5476